# پشتیوانی و هاوخەباتی لە خەباتی جەماوەری شارەکانی کوردستانی ئێران دەکەین!

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا شارەکانی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی زۆر فراوان بووە گۆرەپانی خۆپێشاندانی و نارەزایەتی فراوانی خەڵک لە دژی جمهوری ئیسلامی ئێران ، سەرەتای ئەم خۆپیشاندانە لە شاری مەهابادەوە دەستی پێکرد دوای کوشتنی لاوێک بە ناوی " شوانە " بە شێوەیەکی دڕندانە لەلایەن هێزەکانی جمهوری ئیسلامیەوە کە بووە هۆی تەقینەوەی رق و نارەزایەتی فراوانی خەڵک و دەست بە سەر زۆربەی گەرەکانی شاردا لەلایەن خەڵکەوە گیرا، ئەم خۆپێشاندانە فراوانە بووەوە تا زۆربەی شارەکانی ( سەقز ، بانە، پیرانشار، سنە ، کامیاران، ....شارو شارۆچکەکانی تری کوردستانی گرتەوە . هێزەکانی سوپای پاسداران و ئیتلاعات وەک عادەتی پێشانەیان هێرشێکی درندانەیان کردە سەر خۆپیشاندانی دەیان کەسیان کوشت و بریندار کرد سەدان کەسیان لە سیاچەڵەکانی زیندان توند کرد ، ژمارەیکیان لیگواستنەوە بۆ شارەکانی دەرەوەی کوردستان ، هەروەها ژمارەیەک لە بریندارەکان ناو نەخۆشخانەکانیان گرتووە و بەشیوەیەکی زۆر درندانە ئەشکەنجە و زیندانی کراون .

داواکاریەکانی جەماوەری راپەریو بریتیە لە ئازادکردنی دەسبەجێی زیندانی سیاسی و دوور خستنەوەی هێزە سەربازیەکان لە ناوشارەکان و دادگایی کردنی بکوژانی " شوانە" و ئەوانەی دەستیان بە خۆینی خەڵک سوور بووە لەم خۆپیشاندانەدا .

ئێمە وەک حزبی کۆمۆنیستی کریکاری چەپی عێراق هاوپەشتی و هاوخەباتی خۆمان بۆ جەماوەی راپەریوی ناوچەی کوردستان ئێران رادەگەیەنین ، بە توندی ئەم کارە سەرکوتگەرانە و تیرۆرستانەی جمهوری ئیسلامی ئیران لە دژی خەڵکی سڤیل دەکەین . داوادەکەین دەسبەجێ زیندانیانی سیاسی ئازاد بکرێن . خۆپیچشاندان و نارەزایەتی دەربرین مافی هاولاتیانە و حکومەتی ئیسلامی و تاوانبار و بۆی نیە بە لوولەی تفەنگ وەڵامی بداتەوە و سەرنجامەکەی خەتەرناکتر دەبێت لەسەر درێژە دادان بە تەمەنی حکومەتە ئیسلامیە و تاوانبارە و بۆگەنەکەیان .

جمهوری ئیسلامی ئیران لە حاڵەتی داڕوخاندایە لەبەردەم نارەزایەتی و خەباتی جەماوەری شۆرشگیرانەی جەماوەری ئیران دا ، ڕووداوەکانی کوردستان بەشێکە لەم بزووتنەوە شۆرشگیرانەیە بۆ روخانی جمهوری ئیسلامی کۆنەپەرست . روخانی جمهوری ئیسلامی پشتی زۆر لە ئیسلامی سیاسی لە عێراق دا دەشکێنێ و ئەبێتە هۆیەکی لە بار بۆ رزگاری خەڵک لە دەست یەکێک لە بوئرەکان ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا و بەلاچونی فرسەت لەبەردەم کرانەوەی ئاسۆی گەشەی بزووتنەوەی شۆرشگیرانە و سۆشیالستی لە ناوچەکەدا بەگشتی دەکرێتەوە .

بانگەوازی جەماوەری عێراق دەکەین بەشێەوەیەکی فراوان هاوپشتی خۆیان لە راپەرینی جەماوەری کوردستان ئێران بکەن بەهەرشێوەیەک بۆیان دەکرێت .

بڕوخێ جمهوری ئیسلامی ئیران!

بژی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەر لە پێناو ڕوخانی ئەم حکومەتە بۆگەنە!

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری چەپی عێراق**

**2005\8\4**